# لە سەرەتاوە کە وەحی دەستیپێکرد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ خەونی باش بوو

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە سەرەتاوە کە وەحی دەستیپێکرد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ خەونی باش بوو، هەر خەونێکی دەبینی وەکو شەبەقی بەیان دەهاتە دی، پاشان بە تەنها بوونی لەلا خۆشەویست کرا، وبە تەنها دەمایەوە لە ئەشکەوتی حیرا وچەند شەوێك تێیدا پەرستنی ئەنجامدەدا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی، وبۆ ئەو شەوانە خواردنی لەگەڵ خۆی دەبرد، پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای خەدیجە وخواردنی دەبرد بۆ شەوەکانی تر، (بەم شێوەیە بەردەوام بوو) هەتاوەکو هەق وڕاستی هات لەکاتێکدا ئەو لە نێو ئەشکەوتی حیرا بوو، فریشتەکە (جبریل) هات، وفەرمووی: «بخوێنە»، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من خوێندەوار نییم»، هەروەها فەرمووی: «گرتمی بەخۆیەوە وگوشیمی هەتا وزەم لێ بڕا وتەواو شەکەت بووم پاشان بەرمی دا»، ئینجا (جبریل) فەرمووی: «بخوێنە»، ووتم: «من خوێندەوار نیم، بۆ جاری دووەم گرتمی بەخۆیەوە وگوشیمی هەتا وزەم لێ بڕا وتەواو شەکەت بووم پاشان بەرمی دا»، ئینجا (جبریل) فەرمووی: «بخوێنە»، ووتم: «من خوێندەوار نیم، وبۆ جاری سێیەم گرتمی بەخۆیەوە وگوشیمی هەتا وزەم لێ بڕا وتەواو شەکەت بووم پاشان بەرمی دا»، پاشان (جبریل) فەرمووی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ﴾ [العلق:1-3] واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە مرۆڤی دروست کردوە لە خوێنێکی بەستوو بخوێنە، پەروەردگاری تۆ(لە هەموو کەس) بەخشندە ترە﴾، دواتر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەم ئایەتانە گەڕایەوە ماڵەوە لەکاتێکدا دڵی ترس ولەرز دایگرتووە، چووە لای خەدیجەی کچی خوەیلید -ڕەزای خوای لێبێت-، وفەرمووی: «دامپۆشن، دامپۆشن»، ئەوانیش دایانپۆشی هەتاوەکو ترسەکەی نەما، ئەوەی بەسەریدا هات بۆ خەدیجە گێڕایەوە، وفەرمووی: «ترسام لەوەی شتێکم بەسەردا بێت»، خەدیجە ووتی: «نەخێر، واللە؛ اللە هەرگیز ڕیسوات ناکات، چونکە تۆ پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنیت، وکەسی لاواز دەگریتە ئەستۆت، ودەبەخشیت بە نەدار، وڕێز لە میوان دەگریت، ویارمەتی لێقەوماو دەدەیت»، پاشان خەدیجە بردی هەتاوەکو هێنای بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئەسەدی کوی عەبدئەلعوزا، کوڕی مامی خەدیجە، ئەم پیاوە لە جاهیلیەتدا؛ نەسڕانیەتی خۆی ڕاگەیاند، ونووسینی بە عیبرانی دەزانی، بۆیە هێندەی خوا بیەوێت؛ لە ئینجیلی دەنووسیەوە بە عیبرانی، وپیاوێکی بەتەمەن ونابینا بوو، خەدیجە پێی ووت: ئەی کوڕی مام، گوێ بگرە لە برازاکەت، وەرقە پێی ووت: ئەی کوڕی برام، ئادەی پێم بڵێ چی دەبینیت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی بینیبووی؛ بۆی گێڕایەوە، وەرەقە پێی ووت: ئەمە هەمان فریشتەیە کە اللە دایبەزاند بۆ سەر موسا، خۆزگایە گەنج بووایەم، خۆزگایە زیندوو بووایەم؛ کاتێك گەلەکەت دەرت دەکەن (لە مەککە)، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا ئەوان من دەر دەکەن؟»، (وەرەقە) ووتی: بەڵێ، هەرپیاوێك ئەوەی هێنا بێت کە تۆ هێناوتە؛ ئەوا دژایەتی کراوە، ئەگەر بگەمە ڕۆژەکانت ئەوا بە هەموو هێزێکمەوە سەرت دەخەم، ئیتر ئەوەندەی نەبرد و وەرەقە وەفاتی مرد، وماوەیەك وەحی دانەبەزی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

دایکی ئیمانداران (عائیشە) -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە سەرەتای وەحی بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خەو بینین بوو، هەر خەوێکی ببینیایە دەهاتە دی ودەردەکەوت وەکو ڕۆشنایی بەیان، پاشان بە تەنها بوونی لەلای خۆشەویست کرا، بە تەنها دەمایەوە لە ئەشکەوتی حەڕا تێیدا بۆ چەند شەوێك پەرستنی ئەنجامدەدا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خاوخێزانی، وهەندێك خواردنی دەبرد بۆ ئەو شەوانە، پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای دایکی ئیمانداران خەدیجە -ڕەزای خوای لێبێت- وخواردنی تری دەبرد بۆ شەوەکانی دواتر، هەتاوەکو فەرمانی هەق هات

لەکاتێکدا ئەو لەنێو ئەشکەوتی حەڕا بوو. فریشتە جبریل -علیه السلام- هات بۆلای وفەرمووی: بخوێنە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ناتوانم بخوێنمەوە، دەفەرموێت: گرتمی وله باوەشی دام وگوشیمی هەتاوەکو وزە وتوانام لێبڕا پاشان بەریدام، دیسانەوە فەرمووی: بخوێنە، ووتم: ناتوانم بخوێنم، جارێکی تر گرتمی وله باوەشی دام وگوشیمی هەتاوەکو وزە وتوانام لێبڕا پاشان بەریدام، وفەرمووی: بخوێنە، ووتم: ناتوانم بخوێنمەوە، دیسانەوە گرتمی وله باوەشی دام وگوشیمی هەتاوەکو وزە وتوانام لێبڕا پاشان بەریدام، وفەرمووی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ﴾ [العلق:1-3] واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە * مرۆڤی دروست کردوە لە خوێنێکی بەستوو * بخوێنە، پەروەردگاری تۆ(لە هەموو کەس) بەخشندە ترە﴾. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەم ئایەتانە گەڕایەوە بۆ ماڵ ودڵی دەلەرزا لە ترسی مردن، وهات بۆ لای خەدیجەی خێزانی (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت-، وفەرمووی: بە شتێك دامپۆشن، بە شتێك دامپۆشن، بە شتێك دامپۆشن؛ هەتاوەکو ترسی نەما، ئەوەی بەسەریدا هات بۆ خەدیجەی باسکرد، وفەرمووی: ترسام لەوەی بمرم، خەدیجە ووتی: نەخێر، والله خودا هەرگیز ڕیسوات ناکات، تۆ پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنیت، وکەسی لاواز دەگریتە ئەستۆ کە ناتوانێت کاروباری خۆی بەڕێوە ببات، ویارمەتی هەژاری نەبوو دەدەیت؛ بەشێوەیەك دەبەخشیت بە خەڵکی کە هەرگیز لای خەڵکی تر ئەوەیان پێنابەخشرێت، وڕێز لە میوان دەگریت، وبە هانای کەسی لێقەوماو دەچیت. پاشان خەدیجە هێنای بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدئەلعوزا، کە کوڕی مامی خەدیجەیە، ئەم پیاوە پشتی لە جاهیلیەت کرد ونەسڕانیەتی خۆی ڕاگەیاندبوو، وهێندەی خودا بیەوێت لە ئینجیلی دەنووسیەوە بە عیبرانیەت، وپیاوێکی بەتەمەن ونابینا بوو، خەدیجە پێی ووت: ئەی کوڕی مام، گوێ لە کوڕ براکەت بگرە، وەرەقە پێی ووت: ئەی کوڕ برام، چیت بینیووە؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەوەی بەسەریدا هات بۆی باسکرد، وەرەقە پێی ووت: ئەوە جبریلە کە خودا دایبەزاند بۆ سەر پێغەمبەر موسا -علیه السلام-، خۆزگایە ئەو کاتە گەنج دەبووم، خۆزگایە ئەو کاتە زیندوو دەبووم کاتێك گەلەکەت دەرت دەکەن لە مەککە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: ئەوا من دەردەکەن لە مەککە؟! ووتی: بەڵێ، هەرپیاوێك ئەوەی هێنا بێت کە تۆ هێناوتە ئەوا ئازار دەدرا ودژایەتی دەکرا، وئەگەر بگەم بە ڕۆژەکانت ئەوا بە هەموو هێزێکمەوە سەرت دەخەم. پاشان وەرەقە بۆ ماوەیەکی زۆر نەژیا و وەفاتی کرد، وبۆ ماوەیەك وەحی دواکەوت ودانەئەبەزی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66303